

# زستانی کوردستان

دەزانین کە ساڵ بریتیە لە چوار وەرز: بەهار، هاوین، پاییز و زستان.

بەهار سەری ساڵی کوردی و سەرەتای ژیانەوەی دارودرەخت و گژوگیایە. هاوینیش هەوا گەرم دەبێت و میوە پێدەگات و دەغلودان دەدرویتەوە. لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ کۆ دەکرێتەوە و ئازەووخەی زستان ڕێک دەخرێت.

کوردستان کە زۆربەی خاکەکەی شاخاوی و کوێستانە، زستانان هەوای سارد دەبێت و بەفری لێدەبارێت. لەم وەرزەدا کەژەکان بەرگێکی سپی بێگەرد دەپۆشن و خەڵک لە ترسی سەرما جلی گەرم لەبەردەکەن و کاتێ لە ماڵ دەچنە دەرەوە خۆیان باش دەپێچنەوە.



زستان سەرەڕای ئەوەی سارد و سەرمایە و بەفر ڕێگای سەیران و چوونە دەرەوە دەگرێت زۆر شتی خۆشی تێدایە. دوای بەفر بارین بووکەبەفرینە دروست دەکەین و لەتەک هاواڵەکانماندا شەڕەتۆپەڵ دەکەین. شەوان لە ماڵەوە دادەنیشین و دوای نووسینەوەی وانەکانمان شەوچەرەی دەخۆین و گوێ لە چیرۆکە خۆشەکانی داپیرەمان دەگرین. پاشانیش لە ناو نوێنی گەرمدا دەنووین و خۆمان بۆ کار و خوێندنی سبەینێ ئامادە دەکەین.


Copyright © Kurdi.fi

❊ ڕاڤە و لێکدانەوەی وشەکان

سالّی کوردی: ( سالّی زایینی+ 700 )، بۆ وێنە: -
( 700 سال + 2007 ی زایینی = 2707 ی کوردی )
سەرەتا: دەسپێک، دەستپێک
ژیانەوە: زیندوبوونەوە، بوژانەوە
دەغلّودان: دانەوێلّە
کەژ: شاخ، چیا، کێو
جل: جلک ، لیباس



پۆشین: دەبەرکردن
بووکەبەفرینە: شێرەبەفرینە
لەتەک: لەگەلّ
شەوچەرە: خواردنێ کە لە شەودا دەخورێ
نوێن: نڤین، پێخەف، کەلوپەلی خەوێ
سبەینێ: سبەی، سبحەینێ، سۆزی، رۆژی دوایی

❊ پرسیار

1. ناوی وەرزەکانی سالّ بنووسە؟ ..........

..........

2. وەرزی بەهار چۆنە؟ ..........

..........

3. خاکی کوردستان لە بەهاردا چۆنە؟ ..........

..........

4. لە زستاندا بۆچی ڕێگای سەیران دەگیرێت؟ ..........

..........

5. بووکەبەفرینە چیە؟ ..........

..........

6. شەوچەرە چیە؟ ..........

..........

..........


Copyright © Kurdi.fi

❋ ئەو ڕستانەی خوارەوە بە خەتێک پێک بگەیەنە:

| | |
|---|---|
| ساڵ بریتیە لە | دروست دەکەین |
| لە پاییزدا بەرهەمی ساڵ | چوار وەرز |
| بووکەبەفرینە لە زستاندا | گوێز و مێوژ و خورما |
| شەوچەرە بریتیە لە | کۆ دەکرێتەوە |

---

❋ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەکدا بەکار بهێنە:

بەهار ........................................

سەیران ........................................

هەواڵ ........................................

خاک ........................................

چیرۆک ........................................

---

❋ هەر کام لەم وشانەی خوارەوە جارێک بخوێنەوە و دوو جاریان بنووسەوە:

ماڵ و منداڵ ........................................

بەرد و هەرد ........................................

شوان و گاران ........................................

ژن و پیاو ........................................

بەرد و هەرد ........................................

تیر و کەوان ........................................

مێوژ و گوێز ........................................


Copyright © Kurdi.fi